# مامەڵە وکڕێن وفرۆشتن لەسەر صەرف بوون

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**شێخ موحەمەد ساڵح العثیمین**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم البيع على التصريف ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن صالح العثيمين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# مامەڵە وكڕێن وفرۆشتن لەسەر صەرف بوون

بەو شێوەیەی كە هەرچی فرۆشرا ئەوە فرۆشرا وئەوەیشی نەفرۆشرا بۆم بگەڕێنەوە

**پرسیار :** ئایا حوكمی شەرعی چیە بەڕای جەنابتان دەربارەی مامەڵە وكڕێن وفرۆشتن بەشێوەی ( تەصریف ) واتە كەسێك كاڵایەك یان هەر شتێك بفرۆشێت بەكەسێكی تر وفرۆشیارەكە بڵێ ئەوەی فرۆشرا بەوەندە ماڵ بێت لەسەرت ئەوەیشی نەفرۆشرا بیگەڕێنەوە بۆم لێت وەردەگرمەوە ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە، حوكمی بەیعی ( تەصریف ) چیە ؟ شێوەكەیشی ئاوایە : كەسێك بڵێ : ئەم كاڵایەم پێیفرۆشتیت بەوەندە هەرچیەكی لێفرۆشرا ئەوە بەو نرخە بێت كەلەسەری ڕێكەوتوین، ئەوەیشی كە لێی نافرۆشرێت ئەوە بیگەڕێنەوە بۆم و لێت وەردەگرمەوە، ئەم مامەڵەیە مامەڵەیەكی دروست نییە و حەرامە چونكە نادیاری و غەرەری

تێدایە، چونکە هەر یەك لە فرۆشیار و کڕیار هیچ کامیان نازانن چەندێکی لێ دەفرۆشێت و چەندێکیشی لێ نافرۆشرێت، بۆیە مەسئەلەکە نادیاری تێدایە لای هەردوو لایەنەکەیان و فەرموودەیەکیش هاتووە کە دەڵێت : نهى رسول اللە ( صلى اللە عليە وسلم ) عن بيع الغرر.. واتە : پێغەمبەر ( صلى اللە عليە وسلم ) قەدەغەی کردووە لە کڕین وفرۆشتنێك کە نادیار و جەهالەتی تێدا بێت، دەی خۆ ئاشکرایە ئەم کارەیش نادیاری وغەرەری تێدایە ..

بەڵام ئەگەر هاتوو هەردەبوو هەردوو لایەنیان وەها کارێك بکەن ئەوە باشترە کە خاوەن کاڵاکە کەلو پەل وکاڵاکەی بدات بە لایەنی دووەم بەو شێوەیەی کە بەوەکالەت بۆی بفرۆشێت، و لەبەرامبەردا لایەنی دووەمیش کرێیەك لەسەر کارەکەی وەربگرێت،، بەمەش ئەوەی هەردوو لایەکیان دەیانوویست حاصڵ دەبێت، بەو شێوەیەی کە کەسی دووەم تەنها وەکیلێك

بێت بۆ کەسی یەکەم بەکرێیەکی دیاری کراو کە هەردوو لایەکیان ڕیکەوت بن لەسەری ..

خوای گەورە زانا وشارەزاترە ...

سەرچاوە : لقاء الباب المفتوح لابن عثيمين ٥٤/ ٩٤